دیاریکردنی سەرەتا وکۆتایی کاتی نوێژە فەرزەکان

لە عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «کاتی (نوێژی) نیوەڕۆ ئەو کاتەیە کە خۆر لە نێوەندی ئاسمان لادەدا؛ کاتێک سێبەری کەسێک نزیکی باڵا وبەرزی خۆیەتی، ئەگەر هێشتا کاتی (نوێژی) عەسر نەهاتبێت، وکاتی (نوێژی) عەسر لەو ماوەیە دەستپێدەکات کە هێشتا زەردایی خۆر دەرنەکەوتووە، وە کاتی (نوێژی) مەغریب (لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە خۆر ئاوا دەبێت) هەتا ئەو کاتەی شەفەقی سوور ئاوا دەبێت، و(نوێژی) عیشا (لە دوای کۆتایی هاتنی ماوەی -نوێژی- مەغریب) هەتا نیوەی شەوە، وکاتی (نوێژی) بەیانیش لە کاتی هەڵهاتنی سپێدەی بەیانە هەتا ئەو کاتەی ڕۆژ هەڵدێت، ئینجا هەرکاتێک ڕۆژ هەڵهات، ئیتر نوێژ مەکەن، چونکە خۆر لە نێو هەردوو شاخی شەیتانەوە هەڵدێت».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە باسی کاتەکانی نوێژ دەکات، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: 1- کاتی نوێژی نیوەڕۆ: وبە نوێژی نیوەڕۆ -صلاة الظهر- ناونراوە چونکە لە کاتی (الظهيرة) ئەنجامدەدرێت ولە زمانی عەرەبیدا سەرەتای ئەو کاتەیە کە خۆر لە ماوەی (زەوال)؛ لە نیوەی ئاسمان لا دەدات وبەرەو ئاراستەی ڕۆژئاوا دەڕوات، وسێبەری شتەکان بەرەو ئاراستەی ڕۆژهەڵات دەبێت، ئەمیش هەتاوەکو ئەو کاتەیە سێبەری پیاوێک نزیکی سێبەری خۆیەتی ولە زمانی کوردیدا پێی دەووترێت: نیوەڕۆ چونکە لە نیوەی ڕۆژدایە. 2- کاتی نوێژی عەسر: کاتی ئەم نوێژە ئەو ماوەیە کاتێک سێبەری کەسێک هێندەی باڵا وبەرزی خۆی بێت، وبەردەوام دەبێت بە بێ مەکروهیەت هەتاوەکو زەردایی خۆر دەرنەکەوتبێت، ئەمە ماوەی نوێژی عەسرە، بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (ومن أدرك ركعة من العصر قبل أن تغرب الشمس فقد أدرك العصر) واتە: (هەرکەسێک بگات بە ئەنجامدانی ڕکاتێک لە نوێژی عەسر پێش ئەوەی خۆر ئاوا بێت؛ ئەوا نوێژی عەسری ئەنجامداوە)، ولە گێڕانەوەیەکی تردا: (وقت العصر ما لم تغرب الشمس) واتە: (کاتی -نوێژی- عەسر هەتاوەکو -ئەو ماوەیە کە- خۆر ئاوا نەبێت)، لە گێڕانەوەیەکدا: (ما لم تصفر الشمس، وسقط قرنها الأول) [رواه مسلم] واتە: (ئەگەر خۆر زەرد نەبێت وبەکەم قۆچی -شاخی- دیار نەمێنێت). 3- کاتی نوێژی مەغریب: لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە خۆر ئاوا دەبێت هەتا ئەو کاتەی شەفەقی سوور ئاوا دەبێت، شەفەقی سوور بە شێوەیەکی ئاسۆیی لە ئاسماندا دەردەکەوێت لە پاش خۆرئاوا بوون، وئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ماوەی نوێژی مەغریب هەتاوەکو ئەو کاتەیە کە شەفەقی سوور لە ئاسماندا نامێنێت، ئەگەر هەندێکی نەمێنێت مانای ئەوە نییە کاتی نوێژی عیشا هاتووە، هەروەکو چۆن ئەنجامدانی نوێژی مەغریب ڕێگەپێدراو نابێت لە پاش دیار نەمانی بەشێک لە بازنەیی خۆر یان تەنها هەندێکی دیار بێت. 4- کاتی نوێژی عیشا: لە پاش دیار نەمانی شەفەقی سوورە لە ئاسماندا بە یەکدەنگی زانایان هەتاوەکو نیوەی شەو ئەمیش باشترین کاتە، بەڵام لە کاتی پێویستدا هەتاوەکو دەرکەوتنی بەیان درێژ دەبێتەوە. 5- کاتی نوێژی بەیانی: واتا بەیانی ڕاستگۆ -الفجر الصادق- هەتاوەکو ئەو کاتەیە کە خۆر هەڵدێت؛ ئەگەر بەشێکی بچووکیشی بێت، وئەگەر ئەو بەشە بچووکەش دەرکەوت، (ئەگەر خۆر هەڵهات ئەوا ئیتر نوێژ مەکەن): واتا واز لە نوێژ کردن بهێنن (چونکە خۆر لە نێو هەردوو شاخی شەیتانەوە هەڵدێت): واتا لە ئاراستەی هەردوو لایەکانی سەری؛ چونکە شەیتان چاوەڕێی کاتی خۆر دەرچوون دەکات ودەوەستێت بەرامبەر خۆر؛ بۆئەوەی سوجدەبردن وپەرستنی کافرەکان بۆ خۆر وەکو ئەوە وابێت پەرستنەکە بۆ ئەوە یان لەوانەیە ئەوانەیشی شەیتان دەپەرستن لە کاتی خۆر هەڵهاتن وخۆرئاوا بوون بەو ئاراستەدا سوجدەی بۆ ببەن، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە ئومەتەکەی نوێژ بکەن لەو کاتانەدا؛ بۆئەوەی نوێژکردن بۆ خوای گەورە لەو کاتەدا نەبێت کە شەیتان وخۆری تێدا دەپەرستێت.